فیلم و زنجیرە دۆبلاژکراوەکان و کاریگەریان لەسەر منداڵ

منداڵێک: "جاریک لاسایی فیلمێکی هندیم کردەوە، لەبەرزاییەک خۆم هەڵدایە خوارەوەو دەستم شکا"

ئا/ دانیێر قەرەداغی

سەیرکردنی فیلمو فیلمە دۆبلاژکراوەکان لەلایەن منداڵانەوە، زۆرجار بۆتە هۆی دروستبوونی تووندوتیژی و گۆرینی جۆری مامەڵەو هەڵسوکەوتی منداڵەکان، ئەوەش وایکردووە منداڵانی ئەم نەوەیە لەگەڵ نەوەکانی پێشوومانداا لەزۆر ڕووەوە جیاوازبن.

دەربارەی کاریگەری میدیای ئازادو فیلمە دۆبلاژکراوەکان، کەسانی پەیوەندیدار بەم گرفتەمان دواند.

سەرەتا باڵەزوبانی منداڵان خۆیانەوە ئەو کاریگەریانە ببیستین:

-محەمەد فوئاد تەمەنی ٩ساڵە دانیشتوی گەڕەکی خەباتی شاری سلێمانیە لەشەوی بەراتی ئەم ساڵدابوو. کۆمەڵێک منداڵ یاریان دەکرد بەدەمانچەو دالاسیک و ...هتد محەمەدی دڵ خۆش خەریکی کۆکردنەوەی نوقڵی بەرات بوو ئەوەندەی زانی بەردێکیان هەڵدوا وەکو گوللە دای بەچاوی ڕاستمدا، ئەوندەم توانی گەشتمە ماڵەوە چاوەکانم ڕۆشناییان لێبڕا بۆماوەی سێ ڕۆژ، لەگەڵ ئەوەشدا توشی خۆین بەربوونی چاوبووم".

دایکی محەمەد وتی: "دکتۆری سلێمانی وتیان:دەماری چاوی دەچڕێت گەرزوو فریای نەکەویت پێویستی بەجۆرە نەشتەرگەریەکە کەلەوڵاتی ئێراندا دەکرێت.

پێنج ڕۆژ لەوێ بووین و نەشتەرگەریەکەی ١٠وەرەقەی تێچوو".

باوکی محەمەد وتی: "لەبەرخاتری شیفای کوڕەکەم قسەم نەکرد، ئەگینا بەهیچ لەوماڵە نەدەبورام" لەکۆتاییدا وتی: "منداڵەکەم جەژن دەمانچەی موروی کڕی، هاتەوە بینیم بەدەستیەوەبوو شکاندم، بۆئەوەی نەوەک ئازاری کەسێک بدات، بۆیە هیوادارم دایکان و باوکان ڕێگە بەمنداڵەکانیان نەدەن منداڵەکانیان ئەوجۆرە دەمانچانە بکڕن کەزیانی هەیە".

-ڕەفیق سابیر/ دوومنداڵی ٦ساڵ و ٧ساڵی هەیە ومنداڵەکانی هەستیان ناسکە و حەزبە فلیمی تووندوتیژی ناکەن، تەنیا سەیری بابەتی منداڵان دەکەن، باوکی ئەم دوومنداڵە وتی: "خۆشم نایەڵم سەیری هەموو فلیمێک بکەن، چونکە منداڵ پاکەو ئەوەی وەریگرت تیایدا بەرجەستە دەبێت، پێویستە شتێک بۆمنداڵ لێبدرێت کەسودمەندبێت".

دەربارەی پەروەردەی ماڵەوەو شوێنی تایبەت بەمنداڵ، پێی باشە منداڵ ژووری تایبەتی خۆی هەبێ و لەگەڵ دایک و باوکی سەیری هەموو فلیمێک نەکات، کەبەداخەوە لەبەرلاوازی لایەنی ئابووری ئەمە ناکرێت لەهەموو ماڵێکدا، هێمای کرد کەئەرکی لایەنە پەیوەندیدارەکانە کەسانسۆر دابنرێت لەبڵاوکردنەوەی هەموو ئەو فلیم و زنجیرە دۆبلاژکراوانەی کەهەن، هەروەها پەروەردەش پێویستە ڕۆڵی خۆی ببینێت لەپەروەردەکردنی منداڵدا.

-ئەریڤان ستار (١١) ساڵ بوو، لەڕۆژی جەژندا (باروتی) کڕیبوو، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا باروتەکەی بەدەستەوە بووە بەشقارتە دایگیرساندووەو تەقیوەتەوە بەدەست و دەم وچاویداو هەردوو دەستی سوتاندووەو پرژی بەردەموچاوی کەوتووەو بریندار کردوە، دەڵێت: "ئەوەندەم حەز لەیاریکردنە بەدەمانچە هەرچەندە دایک و باوکم نایەڵن بیکڕم، بەڵام خۆم هەمیشە خەریکی دروستکردنی دەمانچەم بەشتی دیکە لەماڵەوە".

-بەناز عومەر، تۆیژەری کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەری دایەنگای تووی مەلیکی نمونەیی، وتی: "میدیا کاریگەری زۆری هەیە بەتایبەتی لەسەر منداڵان کەدەبێت زۆربەوریای ئاگاداری بڵاوکردنەوەی فلیم و فیلم کارتۆن و تەنانەت لەڕووی پەخشکردنی هەندێ بەرنامە کەدەبێت پێش پەخشکردنی ڕایبگەیەنن کەنابێت منداڵ و مێرد منداڵ سەیری ئەم بەرنامەیە بکەن، چونکە لەڕووی هزو بۆچون و باری دەروونی کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر ئەو منداڵە"، هەروەها وتی: "خێزان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، چونکە بەهۆی پێشکەوتن و فراوان بوونی کەناڵەکان بێکۆنترۆڵکردن بەسەر میدیادا (بەناو میدیای ئازاد) کەهەرچی بابەتێک بێت بڵاوی دەکەنەوە، تەنانەت هەندێک دەستەواژەی زۆرنەشیاو بەکاردەهێنرێت کەزۆرترسناکە بۆسەر بیرکردنەوە، بەتایبەت (منداڵان)، یان فلیم کارتۆنەکان کەدۆبلاژکراون کەتەنانەت جنێویان تیادایە لەگەڵ قسەی سەیرو سەمەرە، گەرلەجیاتی ئەمانە زۆر بابەت و فلیم و بەرنامەی فێرکردن و هۆشیاری، یان(تەرفیهی) کات بەسەربردن هەیە سەیربکرێت باشترە".

خاتووبەناز باسی کێشەکانی دایەنگای خۆی کرد کەکێشەکان خەریکە منداڵی خۆیان لەبیردەکەن و وەکو کەسێکی گەورە هەڵسوکەوت دەکەن و کەوتونەتە ژێر کاریگەری زنجیرە دراماکانی کەلەماڵەوە گەورەکان سەیری دەکەن.

لەکۆتاییدا، هەرچەند ئەم باسە زۆرهەڵ دەگرێت قسەشی زۆرلەسەرکراوە، بەڵام خەڵکی هۆشیاری وەرناگرێت، هیوادارم کاری لەسەر بکرێت وسانسۆر لەسەردوکانی (cd)و(dvd) لەبازاڕەکاندا دابنرێت و خێزانیش نەهێڵێت بهێنرێتە ناو ماڵەکانیانەوە.

-دڵنیا محەمەد منداڵێکی تەمەن (١٠) ساڵە، وتی: "شەوانە کەدەنوم خەودەبینم بەفلیمی ترسناکەوە، شەوێکیان سەیری بەرنامەی (کۆجار)م کرد کەلەخاک پێشکەش دەکرێت باسی سیحری دەکرد، کەنوستم لەخەوما ئەوژنە ساحرە کەلەبەرنامەکەدا بوو دەیخستمە ناوئاگرەوە، بەتەنیا ناوێرم سەیری ئەو جۆرە بەرنامانە بکەم، بەڵام حەزیش دەکەم سەیری بکەم، کاتێک سەیری فلیمێکی شەڕ دەکەم لەکۆتاییدا سەرکەوتودەبێت زۆرخۆشحاڵ دەبم".

-نەبەز محەمەد (١٢)ساڵە، دەڵێت: "هیوایەتم فلیمی شەڕ و تووندوتیژیە، هەمیشە سەیری دەکەم و هەرگیز سەیری فلیم کارتۆن ناکەم، لەکاتی دەوامی قوتابخانەدا بەسێ ڕۆژجارێک سیدیەک دەکڕم، چونکە پارەم کەم پێیە، بەڵام لەهاویندا کەدەوامم نیە هەموو ڕۆژێک دەیکڕم خۆم ئیش دەکەم و پارەکەی دەدەم بەسیدی و فلیمی زۆرانبازی و فلیمی ترسناک و یاری پلەی ستەیشن،.

نەبەز ڕۆژێک سەیری فلیمی هندی دەکات و لەدوای فلیمەکە لاسایی دەکاتەوە، لەشوێنێکی بەرزی چەند مەتری خۆی هەڵدەداتە خوارەوە و لاسای فیلمەکە دەکاتەوە دەست بەجێ دەستی دەشکێت.؟!

-محەمەد ڕووف مامۆستای کۆمپیوتەر لەسەنتەری چالاکی گەنجان، دەربارەی فلیمی ترسناک وتوندوتیژی، ئامارێی کردبە: "فلیمی توندوتیژی کە دووجۆرە، هەندێکیان پۆزەتیڤانەیە ئەوفیلمانەن کەدەتوانن هزری منداڵ بجوڵێنن لەبەرئەوە لەهەموو مرۆڤێکدا ژیلەمۆیەک هەیە پێویستی بەهۆکارێک هەیە بیجوڵێنێت، بۆنمونە شوتێک لەتۆپێک دەدەیت گرێک لەگەڵ شوتەکەدا ئەڕوات ئەمەڕاست نیە، بەڵام ئەومندااڵە یاری دەکات ئەوەی بیردەکەوێتەوەدەتوانێت ڕۆڵی باش ببینێت و بەتوندی شوت بدات. جیاواز لەومنداڵەی ئەوەی نەبینیوە (واتە وزە زیاد دەکات لەمرۆڤدا).

دەڵێن گەرمنداڵ سەیری فلیمی(ئەکشن) بکات، خوێن ڕێژ دەردەچێت، نەخێر وانیە، منداڵ حەز بەچ فلیمێک دەکات باسەیری بکات، ئایا ڕۆمانسی بێت یان ئەکشن، چونکە هەندێک وزە لەمێشکی مرۆڤدا هەیە بەتایبەت منداڵ دەجوڵێت و بیرکردنەوەی فراوان دەکات، جاران شعرێک لەبەر نەدەکرا، ئێستا زۆربەئاسانی زیاتریش لەبەر دەکرێ، بەڵام فیلمی نێگەتیڤ ئەوەیە کەدەبینیت چەقۆیەکی پێیە یان چەکێک ودەیکات بەسکی کەسێکی دیکەدا بەبێ هۆ، ئەمەنێگەتیڤە".

مامۆستا محەمەد وتیشی: "کۆنترۆڵکردن نیە لەمیدیادا لە٢٠٪ناتوانرێ، بۆیە بامنداڵ ئازاد بێ لەحەزی منداڵی خۆی کەسەیری چی دەکات".

ژنە ناودارەکانی میژووی کورد

شەهێن

"ئەمیتیس" شازنی دەوڵەتی بابل"

ئەمیتیس" شازنی دەوڵەتی بابل و کچە کوردی میدیایە، بەزیرەکی و جوانی ناوی دەرکردوە، کچی(کواکسار)ی شای مادستانە، هاوسەری (ئەبوخز نەسر)ی شای بابل.

دوای شوکردنی ئەمیتس بە پاشای بابلو گواستنەوەی بۆ ئەو وڵاتەو دوور کەوتنەوەی لە وڵاتی خۆی، توشی خەفەتباری و دڵگرانی دەبێت، لەبەرئەوەی کە(ئەبوخز نەسر) ئەمیتسی زۆر خۆش ویستوە، فەرمان دەدات بەدروستکردنی باخچەیەکی جوان وڕازاوە بۆی. کەلەشێوەی شاخدابێت، تاکو لەدیمەنی چیا بەرزەکانی کوردستان بچێت، تاوەکو هاوسەرەکەی بەهۆی تەماشا کردنی ئەو باخچەیەوە بیری وڵاتەکەی خۆی نەکات وخەم و خەفەت نەخوات، پاشان ئەم باخچەیە بەباخچە هەڵواسراوەکانی بابل ناسراوە، کەیەکێکە لەحەوت سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان.

جەلالە خانمی لوڕستانی

جەلالە خانمی لوڕستانی (٩٩٧-٣٧٢سەدەی یانزە)

شاعیرێکی خواناسی کۆنی کوردو ئەستێرەیەکی ئاسمانی لوڕستانە، کچی میرزا ئامانی لوڕستانیە و دایکی(شاخوە شێنی) شاعیرە.

لەلوڕستان لەدایکبووە، خانمێکی ڕۆشنبیربووە، شەیدای سروشتی دیمەنی ئێلاخانە جوانەکەی لوڕستان کاری کردۆتە سەر هەست و ئیلهامی شعری، دەستێکی باڵای لەشعر نوسیندا هەبووە، لەتەنبور لێدانیشدا وەستابووە، لەگەڵ تەنبورلێدان لەجامخانە (کۆڕی ئاینی)دا شیعرەکانی خوێندۆتەوە.

جیهان ئارا خانم

جیهان ئارا خانم(١٨٥٨-١٩١١)

کچی مەلانەشئەتی پاوەیە،شاعیرێکی کوردە لەپاوە لەدایک بووە. بەمنداڵی لای باوکی خوێندویەتی پاشان مامۆستای تایبەتی بۆگیراوە فێری ڕێزمان و وێژەی عەرەبی بووە،ژیانی بەپەروەردەکرنی منداڵ و کتێب خوێندنەوەوە بەسەربردوە جیهان ئاراخانم شاعیرێکی بەرزە-شعرەکانی شیرین و ڕەوانن،هەروەها لەجوانی و شۆخ و شەنگیدا و لەزانستدا بێ وێنە بووە.

ئاتە خان:

ئافرەتێکی ناوداری شاعیری هونەرمەندی کوردبووە بەزمانی کوردی شیعری ووتوە، بەڵام تاکو ئێستا ژیاننامەی بەتەواوی نەزانراوە.

خێزانێکی نابینا بەهۆی مانەوەی زۆریان لە ماڵ توشی کێشەی دەروونی دەبن!

چنور سدیق

دیمەنو خوشکو برا نابیناکەی لە چوار دیواری ماڵەکەیاندا، تەواوی تەمەنیان ئەدەن بەتاریکی. ئەوان لە پێناو ئارام بوونەوەیان ناچارن مانگانە سەردانی پزیشکی دەروونی بکەن تا (حەپ)ی هێمنکەرەوە وەرگرنو ئیتر ئەوەندە بە پەستیو ماندووی و بێزاریەوە ئەو ڕێگە تارە نەبڕن.

(دیمەن)ی نابینا کە ٢٤ ساڵ تەمەنیەتی، بە دیار مۆمێکی کوژاوەوە دانیشتووە، دوور لە خوێندن وەک هەر کەسێکی دی، دوور لە دیمەنی سروشتی، دوور لە ئاهەنگی پایزو ئێوارانی بە هاری (دەربەندیخان)، دوور لە ڕوخساری دایکو باوکی، سوچی قەناعەتی گرتووەو بە هیوای بەهەشتی خوایە.

ئەو پێی وایە: "بە تواناکانمو ئەو بەهرانەی خوا پێی داوم دەتوانم وەک کەسێکی ئاسایی باشتریش بم"، دیمەن بەو چاوە بێ جولانەی کە لە ئاسۆیەکی بڕیوە، پەستە زۆر پەستە، لە بە لێنە درۆینەکانی بەرپرسان کە تەنها لە: "ڕۆژی جیهانی کەمئەندامان ٣ی ١٢ ئەوانیان بیر دەکەوێتەوە"، دیمەن هۆکاری خواردنی حەپەکانی گەڕاندەوە بۆ: " مانەوەی زۆرمان لە ماڵو بێ بەش بوونمان لە قوتابخانەو کۆڕی ڕۆشنبیریو گەشتو گەڕان، تووشی نەخۆشی دەروونی بووین، ناچارین حەپی خەو دەخۆین تا ئارام بینەوە، هەرکەسێکی تریش نەچێتە دەرەوەی ماڵ وای لێدێت"، تاکە خواستی ئەو: "خۆزگە قوتابخانەی نابینایان دەکرێتەوەو هەروەها ئەو (٥٠,٠٠٠) دینارەشیان زیاد ئەکرد کە تەنها بەشی حەپەکانیشمان ناکات".